# سەرهەنگ عەبدولڕەحمان:
# وەرگێڕانی ئەدەبیی بۆ منداڵان هێندەی نووسین بۆ منداڵان گرنگ و کاریگەرە

بە ئومێدەوە کار دەکەین بۆ ئێستا و داهاتووی ئەدەبی منداڵانی کورد، وەک ئەرکی سەرشانمان دەمانەوێ گرنگیی و بایەخی زیاتر بە ئەدەبی منداڵان بدەین و ئاوڕ لە قەڵەمەکانی ئەو بوارە بدەینەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دیدارە لەگەڵ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ (سەرهەنگ عەبدولڕەحمان) ساز بکەین، کە تا ئێستا خاوەنی (10) کتێبی چاپکراوە لە بواری منداڵان.

سازدانی: ڕۆستەم خامۆش

*** دەستپێکی نووسینت بۆ منداڵان، بۆ کەی دەگەڕێتەوە، یان چۆن بوو ئاوڕت لەو بوارە دایەوە؟**

- بەرلەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، کە من هەر لەمنداڵییەوە ئاشنای کتێب بووم و لەماڵێکدا گەورە بووم بەردەوام کتێبخانەی تێدابووە، هەرچەندە کتێبەکانی باوکم بۆ منی منداڵ خوێندنەوەیان ئەستەم بوو، بەڵام وایلێکرد بووم خۆشەویستییەکی زۆرم بۆ کتێب هەبێت. بیرمە لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم ڕۆژێکیان کتێبی (کەوی کوێستان)ی مامۆستا "محەمەد کەساس"یان هێناو وتیان ئەمە نامیلکەیەکی شیعری منداڵانە، کێ دەیکڕێ با ناوی بنووسێ و بەیانی پارە بهێنێ تا نووسخەیەک لەم کتێبەی بدەینێ، منیش لەبەر ئەوەی حەزم لە کتێب بوو، نوسەرەکەشی مامۆستای کوردیمان بوو، ناوم نووسی و بۆ بەیانی کتێبەکەم کڕی و هەر ئەو ڕۆژە هەموو شیعرەکانیم خوێندەوە، کاتێکیش لە ماڵی باپیرم گۆڤار و کتێبە عەرەبییەکانی منداڵانم بینی بەو شێوازە ڕەنگاوڕەنگ و وێنە جوانانەی کە جیاواز بوون لە کتێبەکانی قوتابخانە، وێنەکانیان سەرنجیان ڕاکێشام و ئیتر بوومە خوێنەرێکی باش و دەستم بە خوێندنەوە کرد و ئەو گۆڤار و کتێبانەی دەمخوێندنەوە زۆربەیان بە زمانی عەرەبی بوون، وەک گۆڤارەکانی (مجلتی و المزمار)و چەندین سەرچاوەی تری کتێب بە عەرەبی، بەڵام گۆڤارێکی منداڵان نەبوو بە زمانی کوردی و کەمترین کتێبیش هەبوو بۆ منداڵان بە کوردی، کە ڕەنگە بەشێکی پەیوەندی بە سیاسەتی دەسەڵاتی ئەو سەردەمەوە هەبووبێت، بەڵام ئەگەر سەرنج لە ڕەوتی چاپکردن و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە بدەین، هەست دەکەین ئەو ڕێگرییە زۆرەش نەبووە، بەڵکو بەداخەوە هۆکاری کەمتەرخەمی و بایەخنەدانی نووسەرانی کورد بووە بۆ ئەدەبیاتی منداڵان. کاتێکیش چاوم دەگێڕا بە زۆری کتێب و چاپکراوە عەرەبی و فارسییەکان لەبواری ئەدەبیاتی منداڵاندا هەستمکرد کتێبخانەی کوردی زۆر هەژارە و دەرفەتێکی بەرفراوان هەیە تا لەم بوارەدا خزمەت بکرێت و دیارە خوێندنەوەی زۆریش دواجار پەلکێشی دنیای نووسینت ئەکات و سەرەتای نووسینیشم بۆ منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ کە بابەتێکی بچووکم بۆ هەفتەنامەی (پەریستان)ی پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئامادەکرد و لە گۆشەیەکدا بڵاوکرایەوە، دواتریش لەساڵی ١٩٩٣ دا یەکەم هۆنراوەی منداڵانم بەناوی (منداڵێکی دڵپاکم) لە دوا لاپەڕەی ژمارە (١٦٩٩) ڕۆژی هەینی ٢٣-٧-١٩٩٣ ی ڕۆژنامەی (برایەتی)دا بڵاوکرایەوە. هونەرمەند دارا محەمەد عەلی وێنەی بۆ کێشابوو، کە بۆ ئەو سەردەم و قۆناغە بڵاوکردنەوەی هۆنراوەیەک بە بایەخێکی زۆرەوە و لەبەشی سەرەوەی دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکداو هونەرمەندێکی ناوداریش وێنەی بۆ بکێشێت زۆر گرنگ بوو، تەنیا ئەو کەسانە هەست بەو گرنگییە ئەکەن کە لەو ڕۆژگارەدا خوێنەر و نووسەر بوون. لەخۆشیا دەیانجار زیاتر خوێندمەوە و سەیری ڕۆژنامەکەم دەکرد. ساڵانێکی زۆر دوای ئەوەش ناونیشانی ئەو هۆنراوەیە بووە ناونیشانی کتێبە شیعرییەکەم بۆ منداڵان.

ئەوەی کە مایەی خۆشحاڵیمە سەرەتای نووسینم بە بابەتی منداڵان دەستپێکرد، دواتر بەردەوام بووم لە نووسین و وەرگێڕان، تا لەساڵی ١٩٩٥دا نامیلکەیەکم بە تیراژێکی کەم لە بارودۆخی سەختی ئابوری ئەو سەردەمەی کوردستاندا بۆ منداڵان بڵاوکردەوە، هەتا ساڵی ١٩٩٩ کە دەستم بە وەرگێڕان کرد لە زمانی فارسییەوە و یەکەم چیرۆکی وەرگێڕدراویشم لە ژمارە (٥٠)ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ی گۆڤاری (جگەرگۆشەکان)دا بڵاوکردەوە و ئیدی زۆربەی نووسین و وەرگێڕانەکانم تەرخانکرد بۆ بواری ئەدەبیاتی منداڵان، لەبەرئەوەی هەستم بە بۆشاییەکی گەورە کرد لەو بوارەدا لەچاو منداڵانی نەتەوەکانی تردا، هەربۆیە هەوڵەکانی خۆم زیاتر چڕکردەوە تا خزمەتێک بەو بوارە فەرامۆشکراوەی ئەدەبیات بکەم. نووسینەکانیشم بۆ منداڵان زیاتر لە گۆڤاری (جگەرگۆشەکان)و ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) بڵاودەکردەوە و تا لەساڵی ٢٠٠٢ بوومە بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (جگەرگۆشەکان) و ساڵانێک دواتریش بوومە سەرنوسەری گۆڤاری (تۆم و جیری) کە تەنیا (٥) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. پاشان بوومە مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی. ئیتر بەکرداریش ئاوێتەی جیهانی منداڵان بووم و بەو جۆرە بەردەوام بووم و لە زۆربەی گۆڤارەکانی منداڵاندا، وەک: (پەپوولە و منداڵی سەردەم و جگەرگۆشەکان و گوڵەکان و خەندە و کۆلارە)و چەندین گۆڤار و بڵاوکراوەی تر بەرهەم و نووسینم هەیەو چەند کتێبێکیشم بۆ منداڵان بەچاپ گەیاندووە، ئێستاش سەرنوسەری گۆڤاری (نەهری) منداڵانم.

*** پەیام و ئامانجت چیە لە نووسینی شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان؟**

- دیارە هەر نووسەرێک کە پێنووس هەڵدەگرێت تا دەست بە نووسین بکات، ئەبێت پەیام و ئامانجێکی هەبێت، من کە لە ئێستادا بەتەواوی خۆم بۆ ئەم بوارە جوانەی ئەدەبیات تەرخانکردووە، بەدڵنیاییەوە کۆمەڵێک پەیام و ئامانجم هەیە، وەک هەر نووسەر و وەرگێڕێک کە لەم بوارەدا خزمەت دەکات.

پێم خۆشە پەیام و ئامانجەکانی نووسین بۆ منداڵان لە چەند خاڵێکدا کورت بکەمەوە:

١- خۆشەویستکردنی کتێب و ئارەزووی خوێندنەوە لای منداڵان.

٢- یارمەتیدانی توانای دەربڕینیان و گەشەپێدانی هەست و بیرکردنەوەیان.

٣- وزەبەخشین بە داهێنان و ئەفراندن لە منداڵاندا.

٤- پەرەپێدانی متمانە بەخۆبوون و بەهێزکردنی بڕوای منداڵ بە ئازادی و دادپەروەری.

*** تایبەتمەندیی شیعری منداڵان چیەو چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ شیعری گەورەساڵان؟**

- شیعری منداڵانیش بەشێکە لە ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان لەپێناوی سەرقاڵکردن و فێرکردنیاندا دەهێنرێتە ئاراوە.

شیعر بریتیە لە بەرهەمێک کە تێیدا هەست و سۆز و بیری شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە دەگوازرێتەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە ڕەگەزە شیعرییەکانی، وەک هەست و سۆز، خەیاڵ، مۆزیکی شیعری، فۆرم و پێکهاتە و... هتد. دەبێت لە شیعری منداڵاندا، جگە لەو تایبەتمەندییانە، ناوەڕۆکی پەروەردەییش لەبەرچاو بگیرێت، کە ناڕاستەوخۆ بە منداڵان بگەیەنرێت. ئێمە ناکرێت لێرەدا بەدوورودرێژی لەسەر ئەم تایبەتمەندییانە بدوێین، چونکە کۆمەڵێک خاڵ لەخۆدەگرن. ئەکەوێتەسەر قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ، بەڵام ئەگەر لە دوو سێ خاڵی سەرەکیدا کورتی بکەینەوە دەبێت: هۆنراوەی منداڵان کورت و سادە و بێ گرێ و گۆڵ و ئاسان بێت و لەهەمانکاتیشدا زمانێکی شیعری جوان و پڕ واتای هەبێت و فانتازیاو خەیاڵ و چێژی تێدابێت. بەکورتیەکەی هەر تەنها وشە ڕیزکردن نەبێت و هەموو ئەو ڕەگەز و مەرجانەی تێدا بێت کە لە شیعری گەورەساڵاندا هەن، بەداخەوە ئەمە لای شاعیرانی ئێمە فەرامۆشکراوە و زۆربەی ئەو هۆنراوانەی بۆ منداڵ ئەنوسرێن، وشە ڕیزکردنن و تەنانەت کێش و سەرواشیان نیە و دەربڕینێکی زۆر وشک و بێ بنەمان و لە چوارچێوەیەکی قەتیس و سواوی کۆندا دەخولێنەوە و هیچ تازەگەرییەک بەدی ناکەین، ئەوەش دەرەنجامی ئەوەیە کە شاعیران و نووسەرانی ئەم بوارە کەمتر شارەزای ئەدەبیاتی منداڵانی جیهانن و هەندێکیان

هیچ بەرهەمێکی جیهانی ناخوێننەوە و تەنیا بیر لەوە ئەکەنەوە زۆرترین هۆنراوە بنووسن و ئەم زۆر و بۆرییەش زیانێکی زۆری بەو ژانرە گەیاندووە.

*** تایبەتمەندیی چیرۆکی منداڵان چیە و بۆچی چیرۆکنووسمان لەو بوارەدا کەمە؟**

- گرنگترین تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی باش بۆ منداڵان بریتین لەوەی کە، بابەتی چیرۆکەکە سەرنجڕاکێش و وروژێنەر بێت. هاوکات هەڵگری پەیامی بەنرخ و پڕ زانیاری بن. جگە لەوەش وێنەی زۆریان لەگەڵدابێت، کە زیندوو و ڕەنگاوڕەنگ بن. هەموو ئەمانەش منداڵان هان دەدات بۆ خوێندنەوەیان.

هەروەها زمان بەشێکی گرنگی چیرۆکی منداڵانە. پێویستە نووسەران گرنگی بە زمانی چیرۆک بدەن، بەڵام بە شێوازێکی سادە، چونکە ئەگەر زمانی چیرۆکەکە ئاڵۆز بێت، منداڵ هیچ سەرنجڕاکێشیەکی بۆی نابێت.

سەرباری ئەوەش چیرۆک دەبێت بتوانێت وانەی گرنگی ژیان فێری منداڵان بکات. ئەم وانانە دەکرێت دەربارەی چەمکەکانی: هاوڕێیەتی، خێزان، خۆشەویستی، بوێری، میهرەبانی یان هەر شتێکی تر بن. پێویستە پەیامەکە ڕوون و ڕاستگۆیانەو پڕ بەها بن و بە گشتی منداڵان هانبدەن بۆ ئەنجامدانی کاری باش.

بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەشت: ئێمە نەک چیرۆکنووسی منداڵانمان کەمە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی نووسەری منداڵانیشمان کەمە، یەکێک لە هۆکارەکانیش بەکەم گرتنی ئەم بوارەی ئەدەبیاتە لای نووسەران و ڕووناکبیران، لەکاتێکدا ئەم بوارەی ئەدەبیات لە جیهانی دەرەوە و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و تەنانەت وڵاتانی دراوسێش بایەخێکی گرنگی پێ ئەدرێ و پێگەیەکی بەرزی هەیە.

ڕەنگە هۆکارێکیش سەختی و قورسی بوارەکە بێت، چونکە زۆر شاعیر و نووسەرانمان خۆیان تاقیکردۆتەوە و هەوڵی ئەوەیانداوە ببنە شاعیر و نووسەری منداڵ، بەڵام نەیانتوانیوە بەردەوام بن و ئەوانەی کە لەم بوارەدا سەرکەوتوون کەمن.

ئەگەر سەرنجیش بدەین زۆربەی ئەو نووسەرانەی لەو بوارەدا دەنووسن هەروەک ئەدەبیاتی گەورەساڵان سەرقاڵی شیعر نووسینن. ئەمەش بووەتە نەریتێکی خراپ، بەداخەوە، کە هەر لەکۆنەوە وا هاتووە، وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمەش هۆکارەکەی بێ ئاگایی بوونی زۆربەیانە لە ئەدەبیاتی منداڵانی جیهان، ئەگەر سەرنج لە ئەدەبیاتی منداڵانی جیهان بدەین پانتاییە زۆرەکە بۆ چیرۆکە، نەک شیعر و هۆنراوە.

چونکە چیرۆک هۆکارێکە کە خەیاڵی منداڵ فراوان دەکات و وەک مامۆستا محەمەد فەریق حەسەن ئەڵێت: لەنێوان ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکاندا چیرۆک ژانری یەکە. ژانری چیرۆک یارمەتی منداڵ دەدات هەست بە جوانی بکات و چێژیش لە جوانی ببینێت.

*** سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد، لە کەیەوە دەستپێدەکا، یان چ سەردەمێک بە گەشەسەندنی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد دادەنرێ، یان کێ پێشەنگ بووە لە بەرەو پێشبردنی ئەو بوارە؟**

- ئەگەرچی بیبلۆگرافیایەکی تەواوی ئەم جۆرە ئەدەبیاتەمان لەبەردەستدا نییە، بەڵام وا دیارە لەساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات و سەرەتاکەشی سرودی قوتابیان و ئەو هۆنراوانە بووە کە لە حوجرەکاندا بە زارەکیی بە منداڵانی فەقێ لەبەرکراون و شانبەشانی ئەوەش لە قوتابخانەکاندا بۆ قوتابیان نووسراونەتەوە و پێیان لەبەرکراوە. لەدەرەوەی قوتابخانەشدا هەندێ مامۆستاو نووسەر دەستیان بۆ ئەم بوارەش بردووە، مامۆستایان: زێوەر، پیرەمێرد، بێکەس، گۆران بە شیعر و مامۆستایان حسێن حوزنی موکریانی و شاکیر فەتاح و عەبدولواحید نوری و عەلادین سەجادی و نەجمەدین مەلا بە پەخشان و چیرۆک ئەدیبە ناسراوەکانی ئەم بوارەن.

هەر لە ساڵەکانی چلەوە بەتایبەتی لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژەوە، گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان هانی شاعیران و نووسەرانیان داوە کە بەرهەمی ئەدەبیی بۆ منداڵی تێدا

بڵاوبکەنەوە، لە گۆڤاری گەلاوێژدا گۆشەیەکی تایبەت هەبووە بۆ منداڵان کە لەهەر ژمارەیەکدا مامۆستا عەلادین سەجادی چیرۆکێکی پەند و ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ منداڵان تێدا بڵاوکردۆتەوە و دواتر لە ڕۆژنامەی (ژین)ی پیرەمێردیشدا (١٩٣١-١٩٦٣) هەندێ ژمارەی، بەشێکی تیایە بۆ منداڵان کە مامۆستا نەجمەدین مەلا سەرپەرشتی کردووە و پاشان لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا ساڵی ١٩٤٦ گۆڤاری تایبەت بە منداڵان بەناوی (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) دەرچووە، کە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بە یەکەم گۆڤاری کوردیی منداڵان لەقەڵەم دەدرێت.
پاش شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨ تەوژمی چاپ و ڕۆژنامەگەری کوردی بزاوتێکی بەرچاوی بەخۆوەدی لەڕووی چەندێتی و دیارە ئەدەبیاتی منداڵانیش بەشی خۆی بەرکەوت. ئینجا لە دوای بەیاننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ ەوە ئەدەبیاتی منداڵان وەرچەرخانێکی تری بەخۆوە بینی لە عێراق و بۆیەکەمجار گۆڤارێکی ڕەنگاوڕەنگی تایبەت بە منداڵان بەناوی (ئەستێرە) دەرچوو.
لەساڵانی هەشتاکاندا ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بابەتی منداڵانیان بڵاودەکردەوە و چەندین کتێبی باشیش بۆ منداڵان چاپکران. دوای ڕاپەڕینیش دەرفەتێکی باش هاتەکایەوە بۆ چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان و خۆشبەختانە ئەدەبیاتی منداڵانیش گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و چەندین گۆڤاری ڕەنگاوڕەنگی منداڵان چاپ و بڵاوکرانەوە. هەر بۆیە من قۆناغی دوای ڕاپەڕین و بەتایبەت سەرەتای ساڵانی دووهەزار بە سەردەمی زێڕینی ئەدەبیاتی منداڵان دائەنێم، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەرنج لەو قۆناغە بدەین زیاتر لە بیست گۆڤاری منداڵان دەردەچوون و زۆربەی ڕۆژنامە کوردییەکان لاپەڕەو گۆشەی تایبەت بە منداڵانیان هەبوو، جگە لەوەش چەند دەزگایەکی تایبەت بە چاپکردنی منداڵان هەبوو، کە دەیان کتێبی منداڵان چاپکران و هەروەها ساڵانە کۆنفرانسی تایبەت بە ئەدەبیاتی منداڵان سازدەکراو بەمەش جموجوڵێکی زۆر لەو بوارەدا بەدیدەکراو بایەخێکی زۆر هەبوو بۆ ئەم ئەدەبیاتە کە هاوشانی وڵاتانی دراوسێ بوو.
سەبارەت بە پێشەنگانی ئەم بوارە ئەکرێت بڵێم ساڵانی کۆتایی شەستەکان و حەفتاکان وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە پێشخستنی ئەدەبیاتی منداڵان و هەریەک لە مامۆستایان: عومەر عەبدولڕەحیم و فەرەیدون عەلی ئەمین لەبواری چیرۆک و کاکەی فەللاح و ع.ع. شەونم لەبواری شیعردا ڕۆڵی گرنگ و پێشەنگیان هەبوو لەو گەشەسەندنەو ئەدەبیاتی منداڵان پێی نایە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە و تایبەتمەندی خۆی وەرگرت.
*** تۆ، جگە لە نووسین، چیرۆکیشت لە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی وەرگێراوە بۆ منداڵانی کورد، مەبەستت چیە لە وەرگێرانی چیرۆک، یان بواری وەرگێران تاچەند گرنگی پێدراوە، یاخود سوودی هەبووە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد؟**
- بێگومان وەرگێرانی ئەدەبی یاخود کتێب بۆ منداڵان بەشدارییەکی زۆر لە دەوڵەمەندبوونی کولتووری کۆمەڵگادا دەکات. ئەم بزووتنەوەیە منداڵان بە داب و نەریت و جوگرافیا و مێژوو و کولتووری گەلانی دیکە ئاشنا دەکات.
چونکە وەرگێرانی ئەدەبی بۆ منداڵان هێندەی نووسین بۆ منداڵان گرنگ و کاریگەرە. ساڵانە چەندین کتێبی تایبەتمەند لە جیهاندا دەنووسرێن و بۆ ئەوەی ئەو کتێبانە سنوورەکان ببڕن و لە هەموو جیهان بەردەست بن، پێویستیان بە وەرگێران هەیە.
خۆشبەختانە لەم ساڵانەی دواییشدا هەوڵێکی باش هەیەو گرنگییەکی زۆر بە وەرگێران دراوە و کۆمەڵێک کتێب و بەرهەمی باش لەزمانە زیندووەکانی جیهانەوە وەرگێردراون بۆ سەر زمانی کوردی، بەڵام ئەوەی جێی داخە هەموو هەوڵەکان تاکەکەسین و ئەگەر لێرەو لەوێ ناوەند و دەزگایەکیش دامەزرابێت هەر زوو نامێنێت، لەبەرئەوە پرۆسەی وەرگێران پێویستی بە ڕێکخستن و بەرنامەی جدی هەیە، تا لەم پەرش و بڵاوییە ڕزگاری بێت. دیارە وەرگێرانی

کتێبی منداڵانیش پێویستی بە لێهاتوویی و بەهرەی تایبەت هەیە، چونکە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، هەربۆیە پێویستە لە لایەن کەسانی شارەزا و بەئەزمونەوە ئەنجام بدرێن. لەبەرئەوەی ئامانج لێی منداڵە و وەرگێڕانەکەش دەبێت بەو وشەو دەستەواژانە ئەنجام بدرێن کە منداڵان لێی تێدەگەن.
وەرگێڕ دەبێت بە سەلیقە و داهێنەر بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوازێکی جوان دەقەکە وەربگێرێت.

*** چۆن دەڕوانیتە ڕەوشی ئێستای ئەدەبیاتی منداڵانی کورد؟**

- بەداخەوە من لە شوێنێکی تریش وتوومە لەشەش حەوت ساڵی ڕابردوودا ئەدەبیاتی منداڵانی کورد پاشەکشەیەکی گەورەی کردووە، کەمترین چالاکی لەم بوارەدا ئەنجام ئەدرێت و زۆربەی گۆڤارەکانی منداڵان بەهۆی قەیرانی داراییەوە وەستان و ئەو دوو دەزگایەی تایبەتیش بوون بە چاپکردنی کتێبی منداڵان وەک: خانەی سمۆرە لە سلێمانی و بەرێوەبەرێتی زنجیرە کتێبی منداڵان لە هەولێر هەڵوەشانەوە و بەمەش کەمترین کتێبی منداڵان چاپ ئەکرێن، لەکاتێکدا هێشتا زۆربەی وڵاتانی دنیا بە وڵاتانی دەوروبەریشمانەوە چالاکی و وزەیەکی زۆر بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم جۆرە لە ئەدەبیات خەرج دەکەن.

*** وەکو دەزانین لە ئێستادا، وەک پێویست کتێب و نامیلکەو گۆڤاری منداڵان چاپ و بڵاوناکرێنەوە، چارەسەر چیەو بەڕای تۆ ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەبنە جێگرەوە؟**

- هەروەک دەزانن ئێستا منداڵان بەشێوەیەکی گشتی ڕوویان کردۆتە دنیای ئەلکترۆنی و تۆڕەکانی ئینتەرنێت. لەبەرئەوە کاتی ئەوە هاتووە نووسەرانی منداڵانیش ئاوڕ لەم لایەنە بدەنەوە. من تێبینیم کردووە تۆڕی ئەلکترۆنی یوتیوب لە ئێستادا پێگەیەکی باشە بۆ خستنەڕووی بەرهەم و کتێبی منداڵان و بە دەیان پێگەو ئەکاونتی یوتیوب هەیە تایبەت کراون بە خوێندنەوەی کتێب و چیرۆکی منداڵان و بینەرێکی زۆری منداڵیان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە، لەزۆربەی وڵاتە جیهانیەکانەوە و بە زۆربەی زمانەکان و چەندین نووسەری منداڵانی جیهان خۆیان لەڕێی ئەو پێگانەوە بەرهەمەکانیان بە منداڵان دەناسێنن و زۆر جاریش بەشێوەی فیلم کارتۆن و ئەنیمەشنیش بڵاوی دەکەنەوە.
بەڵام نووسەرانی کورد بەهیچ شێوەیەک سوودییان لەم پێگە ئەلکترۆنیە وەرنەگرتووە، لەڕووی ئەدەبیاتی منداڵانەوە. هەرچەندە من پێم وایە جێگرەوەی کتێب هەر کتێبە، بەڵام بۆ منداڵان بۆچوونم وایە کە بەڵێ تۆڕە ئەلکترۆنییەکان بەتایبەت یوتیوب دەتوانێت ببێتە جێگرەوەی کتێب ئەگەر بە باشی و زیرەکانە بەکاربهێنرێت، لەبەرئەوە ئێمەش وەک نووسەرانی کورد دەتوانین سوود لە یوتیوب و فەیسبوک و هەموو ئەو تۆرە ئەلکترۆنیانە وەربگرین و بەرهەمەکانمان بە منداڵانی کورد ئاشنا بکەین، کە دڵنیام منداڵانییش بە تامەزرۆییەوە بینەری دەبن.

*** ئایا هەموو کەس دەتوانێ بۆ منداڵ بنووسێ، یان ئەوانەی بۆ منداڵان دەنووسن پێویستە منداڵناس بن و شارەزای لایەنی پەروەردە و دەروونزانیی منداڵان بن؟**

- ئەوە دەکەوێتە سەر حەز و خولیای ئەو کەسەی دەیەوێ لەو بوارەدا بنووسێت بەوەی تا چەند لەو بوارەدا خۆی قاڵ و ماندوو دەکات، بێگومان ئەگەر دەرونزانی منداڵان یاخود پەروەردەکار و مامۆستا بێت و تێکەڵی و بەرکەوتنی زۆری لەگەڵ منداڵدا هەبێت، زۆر باشترەو ئەگەر ئەوەش نەبێت پێویستە زۆر بخوێنێتەوە و زمانێکی تر یاخود چەند زمانێک بزانێت تا شارەزایی لەبارەی ئەدەبیاتی منداڵان و دەرونناسی و پەروردە و دنیای منداڵان بەدەست بهێنێت. ئینجا دەست بکات بە نووسین و وەرگێڕان لەو بوارەدا. چونکە نووسین و وەرگێڕان بۆ منداڵ خزمەتێکی پەروەردەیی مەزنەو هەر لاپەڕە پڕکردنەوە نیە، بە ئامۆژگاری ڕووت، بەڵکو هەر وشەیەکی بەرپرسیارییە بەرامبەر بە داهاتووی منداڵێک و وەک سەمەدی بەهرەنگی ئەڵێ: ئیتر ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە ئەدەبیاتی منداڵان لە

سنورێکی تەسکدا بهێڵرێتەوە و تەنها پڕی بکەین لە ئامۆژگاری وشک و بێ جوڵە، وەک دەست پاکراگرتن و ددان شۆردن و گوێڕایەڵی.

*** بە دیدو تێڕوانینی تۆ، بۆچی تا ئێستا وەک پێویست لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد نەکراوە، یاخود ڕەخنەگرمان لەو بوارەدا کەمە؟**

- بێگومان هیچ نەتەوەیەک ناتوانێت بە بێ ڕەخنەی ئەدەبیی ببێتە خاوەن ئەدەبێکی پێشڕەو و لەهەمانکاتیشدا گەشە بە ئەدەبیاتی منداڵانی خۆی بدات، بۆیە پێویستە هاوتەریب لەگەڵ داهێنانی ئەدەبیدا، ڕەخنەی ئەدەبیش گەشە بکات.

لەبەرئەوە پێویستە بۆ ناسینی ئەدەبیاتی منداڵان، ئاوڕی بەرچاو لە ڕەخنەی ئەدەبی بدەینەوە تا لەو بوارەدا تووشی هەڵە نەبین و بەرهەمێک بۆ منداڵان نەئەفرێنین کە زیانی لێ بکەوێتەوە.

سەبارەت بەوەی بۆچی ڕەخنەگرمان کەمە، ئەم دەردە هەر ئەدەبیاتی منداڵانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لە ئەدەبیاتی گەورەساڵانیشدا هەیەو ئەتوانم بڵێم لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێک ڕەخنەگری باشمان هەبوو کە ڕەخنەیان لە کتێبەکانی منداڵان دەگرت، بەڵام مخابن لە ئێستادا ئەوەش نەماوە. ئیتر نازانم هۆکارەکەی چییە، ڕەنگە پەیوەست بێت بەوەی حەزمان لە ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن نیەو تەنیا حەزمان لە ستایش و پیاهەڵدانە.

*** وەک دەزانین منداڵ، زۆر حەز بە نیگارکێشان دەکات، ئایا تا چەند پێویستە کتێبی منداڵان وێنەی تێدابێت؟**

- لە کتێبی منداڵاندا وێنە بەقەد دەق گرنگە و هەندێک جار زیاتریش. وێنە بەشێکی گرنگی کتێبی منداڵانە. خوێندنەوەی کتێب بۆ زۆربەی منداڵان بێزارکەرەو ئەوە وێنەکانی ناو کتێبەکەن کە سەرنجی منداڵان ڕادەکێشن. سەرەڕای ئەوەش، منداڵان بەگشتی خوێنەری بینراون. وێنە بۆ گرووپی یەکەمی تەمەنی منداڵان گرنگییەکی تایبەتی هەیە، تەنانەت بۆ منداڵانی گروپی دووەم و سێیەمیش کە بەباشی دەتوانن بخوێننەوە، هێشتا پێویستیان بە وێنە هەیە بۆ ئەوەی لە چیرۆکێکی دیاریکراو تێبگەن. ئەم وێنانە پێویستە زیندوو و ڕەنگاوڕەنگ بن بۆ وروژاندن و دڵخۆشکردنی منداڵان و بەردەوامیان لە خوێندنەوەی چیرۆک یان بابەتەکە. تۆ سەرنج بدە ئەو نەوەیەی ئێمە کە کتێبی ئەلف و بێی مامۆستا ئیبراهیم باڵدارمان خوێندووە، تائێستاش وێنەکانی لە زاکیرەماندا ماونەتەوە، ڕاستە چیرۆک و نووسینەکانی نێو کتێبەکە جوان بوون، بەڵام ئەوەی کە کتێبەکەی جوانتر کردبوو، وای لێکردووین تا ئێستاش حەزمان لێی بێت وێنە جوان و دڵگیرەکانی بوو. لەبەرئەوە کتێبی چیرۆکی منداڵان دەبێت پڕ بێت لە ڕەنگی گەش و دڵخۆشکەر و نووسینی کەم بێت. چونکە وێنەیەک باشتر لە هەزار وشە چەمکەکە دەگەیەنێتە منداڵ. بۆ فێرکردن و پەرەدان بەبەهرە و تواناکانی منداڵ، وێنە وشەی یەکەمە. پێویستە وێنەکێش هەوڵبدات لە مێشک و خەیاڵی نووسەر نزیک بێتەوە، تا بە دروستکردنی وێنەی گونجاو خەیاڵی منداڵ بفرێنێت.

*** لە دڵسۆزیی خۆت بەرامبەر ئەدەبیاتی منداڵان و شاعیران و نووسەرانی ئەو بوارە، هەڵسای بەکۆکردنەوەی ژیاننامەی کەسایەتییەکان، درووست بوونی ئەو بیرۆکەیە چۆن بوو، وە ئەو پرۆژەت بە کوێ گەیشت؟**

- هەروەکو ئاماژەم پێکرد، من ساڵانێکی زۆرە لەبواری ڕۆژنامەگەری منداڵاندا کار دەکەم و دوای ئەوەی کە بەهۆی قەیرانی دارایی‌یەوە گۆڤارەکانی منداڵان لە دەرچوون وەستان، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پەیجێکم بە ناوی پەیجی (ئەدەبیاتی منداڵان) دانا تا لەو ڕێگەیەشەوە خزمەت بەو بوارە بکەم و ئیتر لێرەوە بیرۆکەی بەسەرکردنەوەی نووسەران و نیگارکێشانی ئەدەبیاتی منداڵانم لادروست بوو، ژیاننامەی بەشێکی زۆریانم بڵاوکردەوە و خۆشبەختانە پێشوازییەکی باشی لێکراو لەبەرئەوە بیرم کردەوە لە چوارچێوەی کتێبێکدا بڵاویان بکەمەوە و بەو هیوایەی بتوانم لە داهاتوویەکی نزیکدا بەچاپی بگەیەنم.

*** دەتەوێ چیتر بڵێی دەربارەی ئەدەبیاتی منداڵان، یان چ پێشنارێکت هەیە بۆ زیاتر خزمەتکردنی منداڵانی کوردستان؟**

- پێشنیارم ئەوەیە کە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیری هەماهەنگی بکەن بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی چاپ و پەخشی تایبەت بە چاپکردنی کتێبی منداڵان و کتێب بۆ نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان بەچاپ بگەیەنن و لەڕێی ناوەندەکانی خوێندنەوە کتێبەکان ساغ بکەنەوە و قوتابیان هان بدەن بۆ خوێندنەوە و جگە لەوەش ساڵانە کۆنفرانسی تایبەت بە پەروەردە و ئەدەبی منداڵان ساز بکەن و تیایدا خەڵات و ڕێزلێنان پێشکەش بە نووسەرانی ئەو بوارە بکەن.

هەروەها نووسەران بەمەبەستی ئاشناکردنیان بە ناوەندە ئەدەبیەکانی تایبەت بە منداڵان بنێرنە دەرەوە بۆ خول و کۆڕ و بۆنە نێودەوڵەتییەکان تا شارەزایی زیاتر لە بوارەکەی خۆیاندا بەدەستبهێنن.

ژیاننامە:

سەرهەنگ عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا

لە ١-١-١٩٧٦ لە سلێمانی لەدایکبووە.

دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠١

ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و جیهانە.

لەبواری ئەدەبیاتی منداڵان:

یەکەم هۆنراوەی بۆ منداڵان لە ڕۆژنامەی (برایەتی) ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکردۆتەوە.

بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(جگەرگۆشەکان) بووە لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٧

سەرنووسەری گۆڤاری (تۆم و جیری) بووە لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٠

ئەندامی کۆنفرانسی میدیای منداڵان بووە لە شاری سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٥

ئەندامی کۆنفرانسی میدیای منداڵان بووە لە شاری هەولێر ساڵی ٢٠٠٦

بەشداری خولی ڕاگەیاندن و پەروەردەی منداڵانی کردووە لە وڵاتی سوید، ساڵی ٢٠١٦

بەشداری چەندین کۆڕو دیداری تایبەت بە پەروەردەی منداڵان بووە.

لەزۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی منداڵاندا بەرهەم و نووسینی بڵاوکردۆتەوە.

چەندین خەڵات و ڕێزلێنانی لەلایەن گۆڤارەکانی تایبەت بە منداڵانەوە پێبەخشراوە.

ئێستاش ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (منداڵی سەردەم)ە.

هەروەها مامۆستای نیگارکێشانی منداڵانە لە قوتابخانەی نەهری بنەڕەتی، بە ئەزمونی (٢٠) ساڵ وانەوتنەوە.

هاوکات سەرنووسەری گۆڤاری (نەهری) تایبەت بە منداڵانە.

(10) کتێبی چاپکراوی تایبەت بە منداڵانی هەیە.

زیاتر لە (١٠٠) کتێبی منداڵانی لە زمانەکانی: فارسی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە لە گۆڤارەکانی منداڵاندا بڵاویکردوونەتەوە و زیاتر لە (٣٠٠) کتێبیشی ئامادەیە بۆ چاپ.